**به ناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بە ناوی گەلەوە**
**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**
**ژمارەی بــڕیـــار : ١٤**
**رۆژی دەرهێنان : ٢٠٠١/١٢/١١**

## " بڕیــــار "

پشـــت بە حوکمەکانی ماددەی (٢/٤٣) و (٤٤) لـە یاسـای ژمـارە (١)ی هـەموارکراوی ساڵی ١٩٩٢ و ماددەی (١٢) و (٣٥) لـە پێـڕۆی نـاوخۆی ژمـارە (١)ی هـەموارکراوی سـاڵی ١٩٩٢ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق و ، لەسـەر نووسـراوی ژمـارە (١٠٦٦)ی رۆژی ٢٠٠١/١١/٢١ی مەکتـەبی سیاسـی پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان کـە خـۆی خـاوەنی لیـستی (زەرد)ی هەڵبژاردنـە ، ئەنجومـەنی نیـشتمانیی کوردسـتانی عێـراق لـە دانیـشتنی ژمارە (٢٥)ی رۆژی ٢٠٠١/١٢/١١ یدا ، ئەم بڕیارەی خوارەوەیدا :

**یەکــەم :**

أ. دەستهەڵگرتنی (د. قیس دیوالی) لە ئەندامێتی ئەنجومەن قبوڵ کرا .

ب. پاڵێوراوی لیستی هەڵبژاردن (فاتح محمدامین) بە ئەندام لە ئەنجومەنـدا قبـوڵ کـرا و جێگای ئەندامی دەستهەڵگرتووی سەرەوە دەگرێتەوە .

**دووەم :**

لەبەر ئەوەی ئەم پاڵێوراوەی لیستی هەڵبژاردنە کە ناوەکەی ، لـە سـەرەوە هـاتووە ، لـە رۆژی ٢٠٠١/١٢/١١ دا سوێندی یاسایی خواردووە ، ئەوا ، لە هەمان رۆژەوە ئەنـدامێتیی لـە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراقدا خراوەتەکار .

**سێیــەم :**

پێویستە ، سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق حوکمەکانی ئەم بڕیارە بخاتە بەرکار .

**چـــوارەم :**

ئەم بڕیارە لـە رۆژی ئیقرارکردنـی لـە رێکـەوتی (٢٠٠١/١٢/١١) ــەوە دەخرێتـە بـەرکارو لـە (وەقایعی کوردستان) دا بڵاودەکرێتەوە .

**د. رۆژ نــوری شــاوەیس**

**ســەرۆکی ئە نجـومــەنی نیشــتمانیی کوردســتانی عێــراق**